

**له دەستی چەپەوە:**

د. ئەحمەد دزەیی (وەرگێڕ)، عزەدین ئەحمەد گەرۆزەیی (ئەندازیار)، د. محەمەد ئەحمەد دزەیی (سەرسۆر)، یەکێتی قوتابیانی کورد لە تورکیا ئاهەنگی نەورۆزی لە باڵیۆزخانەی عێراقی لە ئەنقەرە گێڕا نوێنەری قوتابیانی عەرەب و چەند نوێنەری باڵیۆزخانەکانی بیانی ئامادەبوون لەو ئاهەنگەدا لە ڕێککەوتی شەوی ٢٠|١٩٥٩/٣/٢١ .

شایانی باسە هەرچەند لەبەر هۆی تایبەتە نەدەگونجا کە (هەڤاڵانی باکوور) بەشداری تێدا بکەن... بەڵام بە شانازییەوە دەڵێم؛ کە دەستەیەک (شاڵ و شەپک)یان بۆ تەرخان کردین.



**له دەستە ڕاست:**


١- قەدری جەمیل پاشا ٢- د. نوری دەرسیمی ٣- د. ئەحمەد نافیز ٤- نورەدین زازا



١- قەدری جەمیل پاشا بە بەرگی (رەش) ٢- هەمزەیی (لە ناوەڕاست)
٣- ئەکرەم جەمیل پاشا ٤- حاجۆ ئاغا (دانیشتووە).

**شام (١٩٣٠)**

**ئەم وێنەیە لە کتێبی ئەکرەم جەمیل پاشا کورتەی ژیانم وەرگیرایە**



**لە دەستە چەپ:**
١- قەدری جەمیل پاشا (منداڵەکەی پێشی خوارزایتی ناوی فەرزۆیە) ٢- مەمدوح سەلیم ٣- د. نوری دەرسیمی ٤- قەدری جان
**شام- باب توما ای تەموزی ١٩٢٨ . ئەم وێنەیە لە د. شیرین کچی قەدری جان وەگیرایە**

# وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا

- لە دایک بووی شاری هەولێرەو لە ساڵی ١٩٣٣دا لە خانەوادەیەکی زانست پەروەرو کوردپەروەر لە دێی دووسەرە فەتاح کە دەکەوێتە (١٨) کم-ی خوارووی هەولێر و لە ساڵی ١٩٨٨دا لەلایەن رژێمی عیراقەوە خاپوور کرا، چاوی بە دنیا هەڵێناوە.
- لە ساڵی ١٩٣٩دا بۆ خوێندن دەچێتە شاری هەولێر، لە ساڵی خوێندنی (١٩٤٥-١٩٤٦)دا خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (هەولێری یەکەم - أربیل الأولیٚ) تەواو دەکات.
- لە ساڵی (١٩٤٨-١٩٤٩)دا خوێندنی ناوەندی لە دواناوەندی هەولێر تەواو دەکات و لە ساڵی (١٩٥٢-١٩٥٣)دا خوێندنی دواناوەندی - بەشی زانستی - لە هەمان دواناوەندی سەرکەوتووانە تەواو دەکات.
- لە ساڵی ١٩٥٤دا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی بە مەبەستی خوێندن، دەچێتە تورکیاو لە شاری ئەنقەرە لە کولێجی پزیشکی مرۆیی وەردەگیرێت و لە ساڵی (١٩٥٩-١٩٦٠)دا بەسەرکەوتوویی و پلەیەکی زۆرباش بڕوانامەی بەکالیۆریۆس وەردەگرێت.
- وەرگێڕ لە کاتی خوێندنی لە تورکیا چالاکانەش چەند ئەرکێکی نەتەوەیی ئەنجام داوە لە وانە: لە ساڵی خوێندنی (١٩٥٤-١٩٥٥)دا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی کوردستانی باکوورو باشوور یەکێتی قوتابیانی کوردیان دامەزراندووەو چالاکانە کاریان کردووە، هەروەها ساڵانە یادی چەژنی نەورۆزیان بەنهێنی و بە ئاشکرا کردۆتەوە، دیارە نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩ بە ئاشکرا ئەنجام دراوە، بەڵام کوردەکانی کوردستانی باشوور وەک تەماشاکەر بەشداریان کردووەو جلوبەرگیان بۆ قوتابیانی کوردستانی باشوور دابین کردووە، هەروەک لە وێنەی ژمارە (١)ی پاشکۆی کتێبەکە دیاردەکەوێت.
- وەرگێڕ لە ساڵی ١٩٦١دا بەپزیشک لە هەولێر لە نەخۆشخانەی کۆماری دادەمەزرێ و بۆماوەی زیاتر لە (٣٥) ساڵ چالاکانەو خۆنەویستانە خزمەتی نەتەوەکەی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٩دا بەهۆی نالەباری باری تەندروستی خانەنشین دەبێت و بڕیار دەدات دواکاری لە خزمەتکردن بۆ خاک و نیشتمان ئەرکێکی مێژوویی بێ. ئەویش وەرگێڕانی بابەتێکی مێژووی کوردی نەدیار و بەکەڵک کە دەکرێ بگوترێ کەلێنێکی گەورەی مێژووی کورد بەگشتی و مێژووی کوردی کوردستانی باکوور پڕدەکاتەوە، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٩٩ توانی کارەکە ئەنجام بدات.
- لە ئێوارەی ٢٠ لەسەر ٢١ی ئاداری ٢٠٠١ کاتژمێر (١٠,٥) ئێوارە دوا ئاگری نەورۆز تێر بە چاوی دەبینێ و ماڵئاوایی لە کورد و کوردستان دەکات.

د. بێجان ئەحمەد دزەیی
٢٠٠١/٦/١٢